# ماڵی ئاوا عەشق هەر دەرد و ژانە .... سیطـر

ئەوەی سەرەوە هیچ پێوەندی بەم باسەوە نییە کە ئێسا بەندە قۆڵی لێهەڵماڵیوە، شەوێ دی لە سەر حەمە سەعی و عەبدووڵلا ی ئاگرین زۆرم نووسیبوو هەرچەندە شەوم درەنگ کردبوو بەڵام کێشەی ڕەوا و چارەنووس سازی ئەو جووتە فەیلەسوفەی گەلە بەدبەختەکەمان نەیدەهێشت بخەوم، بە لام بەداخەوە نازانم ئەو نەگبەتییە چیبوو ئەوەی نووسیبووم ئێوەم خۆش هەمووی پاك بۆوە و فت بوو و کامپیوتێرەکەم وەستا و مانی گرت.

ئەمڕۆ بەڕاستی نیازم نەبوو وەختی خۆم بەم شتە هەلەق و مەلەقانەوە خەسار بکەم، بەڵام چی بکەم ئەگەر ناو نیشانی ئەو بابەتەی کاك "شێروان خۆشناوم" بەرچاو کەوت (هەرچەندە نەمخوێندەوە، چونکە بڕیارم داوە وەختی خۆم بەشەڕە دندوکی خەڵکییەوە بەفیڕۆ نادەم) دیسان ئەو هەستەی هانیدابووم تا دوێنێ شەو درەنگ لەکۆڵم نەدەبۆوە و دەیگووت بنووسە دیسان بێزاری کردم منیش ناچار هاتمەوە و دەستم کردەوە بەنووسین، دەزانم پێشەکیەکی تاقەت پڕوکێنە بەڵام لە شەڕە جوێن خۆشترە لەگەڵم بن شتە خۆشەکانم لەبەشەکانی دواییدا نووسیون بەڵام ئەگەر لێرەوە نەخوێنیتەوە نازانی لە کۆتاییدا مەبەستی من چییە و ناچار دەبێ جارێکی دیکەش بیخوێنیتەوە.

بادەسپێبکەین!

هەرکەس ئەهلی موتالاو ئەخباری دونیا بێ، ڕۆژانە سەردانێکی ماڵپەڕە کوردیەکان دەکاو ئەگەر بابەتەکانیش نەخوێنێتەوە چاوێك بە سەردێڕەکانیاندا دەخشێنێ، ئەگەر وایە هەمووتان بڵێن ئامین. ماوەیەکە هەموو ئەو کەسانەی سەردانی "کوردستان نێت" دەکەن شەڕەجوێنی کاك* حەمە سەعید و کاك* عەولا ئاگرین سەرنجیان ڕادەکێشێ، من بۆخۆم وەکو بەشێکی زۆر لە ئێوە (خوێنەران) کەیفم بەم بەزم ڕەزمانە سازدەبی جار جار دەمخاتە پێکەنین و لە ناخەوە پێدەکەنم، ئای چۆن شەڕی ئەو کۆنە قینە ئەمڕۆ بەشێوازێکی مودێرن و سەردەمیانە و بێ مەسرەف (خەرجی) بەڕێوەدەچێ! وڵاتیش وێران نابێ و خەڵك زیندانی ناکرێ و ئەنفال و کیمیا بارانیش لە گۆڕێ دا نییە. . بڵێی شەڕ لە کۆمەڵگای مەدەنی دا ئاوابێ و. . ، دیارە سەرەتا کە لە ئەسڵی شەڕە دەنوکی ئەو دووانە تێنەگەیشتبووم وەکو ئێستا بیرم نەدەکردەوە جاری وابوو وام هەست دەکرد یەکێکیان زوڵم لەوەی دیکەیان دەکا، بەڵام کە تێگەیشتم، جۆرێکی دیکەیە ئەوانە بە هەردووکیان زوڵم لە خوێنەران دەکەن و بەقسەی هەلەق و مەلەق وەختی خەڵك دەگرن، لەوانەیە کەسانێك یان حەمە و عەولا بڵێن ئەگەر وابیر دەکەیتەوە نووسینەکان مەخوێنەوە، بەڕێزم دوو دێڕ پێش ئێستا نووسیومە من حەزم لەو بەزمانەیە بەڵام خەمی خەڵکی دیکەمە ئەوانەی لەبری شەڕە مریشك حەزیان لە شەڕە کەڵەشێر و شەڕە سەگە، ببورن مەبەستم سوکایەتی کردن نییە بەڵام ئەوەش جۆرێك شەڕە.

من دوو لێکدانەوە جیاوازم لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە، یەکەمیان ئەو دووانە دەیانەوێ شێوازێکی تازەی هەجوو بێننە ناو ئەدەبی کوردی کە جیاواز لە شێوازی شێخ ڕەزابێ، بەڵام بەداخەوە ئەوەیان لێبەدی ناکرێ چونکە شێوازی دژایەتی کردنی ئەوان لەگەڵ یەکدیدا ئەدەبیی نییە، دووهەمیان هەردوکیان سەریان لێشێواوە و لێیان بۆتە کوردە ناموسی ئەگەر وەڵامی یەکتر نەدەنەوە تەحەمولی ناکەن، بەڵام نازانن بۆ**!؟** منیش نازانم بۆ، بەڵام دەزانم ڕۆژێك دێ ئەو دووانە ماموستایانە* داوای لێبوردن لە یەکتری بکەن و ئێمەش ئاگامان لێنەبێ، ئەگەر تا ئەو کات یەکێکیان ئەوی دیکە تیرۆر نەکا، یان دادگا بڕیاڕی ئێعدامی یەکێکیان نەدا.

لە کۆتایی دا ئەگەر وا هەستبکرێ من هەستی ئەو دوو مرۆڤە ڕۆح سوك و شەڕانیەم هێشاندبێ داوای لێبوردن دەکەم و هیوادارم لە ڕقی من و کەسانی وەکو من کۆتایی بەم بەزم ڕەزمەیان بهێنن.

کوردستان نێت
www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET

لێکدانەوەی وشەکان:

کاك: بۆ ڕێز گرتن دەبێتە پێشگری ناوی پیاو، بەڵام لێرەدا بۆیە بەکار هاتووە بۆ ئەوەی خۆمان لە پێشگری ماموستا ببوێرین، چونکە ماموستا بەکەسێك نالێن کە ئاوا بنووسێ و ئاوا بیر بکاتەوە.

ماموستایانە: سیفەتێکە بە چۆنیەتی ئەنجامدانی کارێك دەوترێ کە ئاقڵانە و بە وردبینیەوە ئەنجام درابێ.